## وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

## ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٢٣)

## تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١٧)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠)ی هەمواركراو بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:**

**ماددەی یەکەم :**

**أ/ مەرجەکانی مۆڵەت پێدان**

١- سەنتەر و دامەزراوە و نوسینگە سەر پشک کرابێت لە وولاتی یەکەم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت.

٢- پشتڕاستکردنەوەی داواکاری بۆ کردنەوەی نوسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە یان باڵوێزخانەی ئەو وولاتە .

٣- سەنتەر و دامەزراوە و نووسینگە دەبێت لە فەرمانگەی داد نووس بەڵێن بدات کەوا چالاکی بازرگانی ئەنجام نەدات، بەڵکوتەنها چالاکی ئاسانکاری بازرگانی بکات .

٤- پابەندبوونی نووسینگەکانی ژووری بازرگانی بیانی و سەنتەرە بازرگانیەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ چاودێری و بەدواداچوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**ب/ پێویستیەکانی مۆڵەت :**

١- کۆپی پاسپۆرتی ڕێگە پێدراو و ئەندامان و ناسنامەی نیشتەجێبوون .

٢- کۆپی گرێبەستی باڵەخانە یان ئۆفیس .

٣- کار و چالاکیەکانی پێشتر ئەگەر هەبێت .

**ماددەی دووەم :**

مـۆڵەتی نوسـینگەکانی ژووری بازرگـانی بیـانی و سـەنتەرە بازرگانیەکـان و دامەزراوە ئابوورییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان بە مـۆڵەت ناژمێردرێـت بـۆ کۆمپانیـا و ئەنـدامەکانی بەڵکـو هەر کۆمپانیـایەک بە پێی یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

**ماددەی سێیەم :**

**أ- نوێکردنەوەی مۆڵەت:**

١- پسووڵەی مۆڵەت پێدان( ١,٠٠٠,٠٠٠ ) تەنها یەک ملیۆن دینار.

٢- مۆڵەت ساڵانە نوێ دەکرێتەوە بە پێدانی پسووڵەی(٥٠٠,٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار.

٣- لەکـاتی نـوێکردنەوەی مـۆڵەت پێویسـتە هەمـان بەڵگەنـامە کە لە مـاددەی یەکەم/ب ئامـاژەی پێکراوە پێشکەش بکرێتەوە.

**ب-هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت:**

لەم بارانەی خوارەوە مۆڵەت هەڵدەوەشێتەوە:

١- نوێ نەکردنەوەی مۆڵەت لە ماوەی ٣ مانگ لەکاتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە.

٢- کۆتایی هێنان (داخستنی)نوسینگە(ئۆفیس)لەسەر داواکاری خۆیان.

٣- پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**ماددەی چوارەم:**

أ- وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی هەڵدەسـتێت بە وەرگرتنـی بەڵگەنامەکـان و دواتـر ووردبینـی کردنـی سـەرجەمیان لەکـاتی ڕەزامەنـدی پێـدان فەرمـانەکە بـۆ گشـت لایەنە پەیوەندیـدارەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت.

ب- هەر سـەنتەر و ژووری بازرگـانی و دامەزراوەیەک کە لە لایەن وەزارەتـی بازرگـانی وپیشەسـازی مـۆڵەتی وەرگـرت و دەرکەوت کە پـێچەوانەی ئەو ڕێکـار و ڕێنمایـانە کـار دەکـات لە مـاوەیەکی دیاریکراودا ئاگادار دەکرێتەوە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر .

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٧) هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم : ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**